کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-9-2007 21:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**نوسین لەسەر هەر بابەتێک کە بڵاو کرایەوە، وەکوو گوللەی ناو تفەنگ وایە هەر دەست نرایەوە بە میلەکە ئیتر لە توانای کەس نیە بیگەڕێنتە وە دەبێت خاوەنەکەی بەرپرسیار بیت لە وردوو درشتی!!!! ... باوکی شازاد**

لە دێر زەمانەوە باپیرانمان ووتویان کە یەکێک قسەیەک لە مەجلیسیکا بکات بە حەوت قەفی بۆڕی قورقوڕاگە ی دا تێبپەڕێت ئینجا بیدرکێنێت، گەر پێت باش نەبوو قوتدانەوەی زۆر ئاسانە، بەڵام کە لەدەم دەرچوو ئەوا شێوەی دەربڕینەکەت دەبێت بە سەنگی مەحەک بۆ هەڵسەنگاندنی، پێشینانمان بیریان لەوە کردۆتەوە کە دەبێ شتێک هەتا بەباشی بە بنجو بنەوانەکەی نەکەویت باسی نەکەیت بۆ ئەوەی خۆت توشی گێژاوێک نەکەیت پەشیمانی بە دواوە بێت، بە تایبەتی ئەگەر قسەکەت بنەمایەکی بەهێزی نەبوو، لەوانە شە ببێتە هۆی کەوتنەوەی فتنە لە نیوان دوو کەس یان دوو لایەن، ئەوەی وتمان باسی مەجلیسێکە کە لە چەند کەسیکی دیارکراو پێک هاتوە، لەوانەیە قسەکەت چەند دەستێک بکات دوایی کەس گرنگی پێنەدات، وە مەجالی ئەوەش هەیە پیاو لێی پاشگەز بێتەوەو بڵی من شتی وام نەوتوە، ئەی ئەگەر وەکوو ئەو قسانەی کەئێستا ڕۆژانە لە سەر تەلەفزیۆن وڕادیۆکان دەکرێت دەیبینین و گوی بیستی دەبین وەیان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەنوسرێت کە لەوانەیە زۆریشی دوربن لە ڕاستی، تەنها دەربڕینێکی بچوک جاری واهەیە دەبێت بە قەیرانێکی گەورە، بۆیە دەڵێم هەر بابەتێک کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین دەبی بە 70 فلتەر دابڕوات ئینجا بوترێت یان بنوسرێت لەبەر ئەوەی نوسین لە ڕۆژنامەو لاپەڕەکانی ئینتەرنێت و ئاخافتنی سەر تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان هەر هەمووی لە ئەرشیفەکان دەپارێزرێت خەڵک دەتوانێت زۆر بە ئاسانی کۆپیان بکات وبە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای ئێستا بە چاو چوقانێک بە هەموو دونیادا بڵاو بکرێتەوە، دەبێتە موڵک بەسەر خاوەنەکانیان، بەڵام من دەڵێم کە زانیت شتێکی هەق هەیە دەبێ بوترێت نەوتنی زیان بەخش دەبێت بۆ بەرژەوەندی گشتی، ئەوە دەبێ پیاو بیدرکێنێ جا گرنگ نیە بە هەر نرخێک بکەوێت لە سەرت، گرنگ ئەوەیە سودبگەیەنێت بە کۆمەڵ، بە هەموو یاساو ڕێسایەکیش دەبێت بە ئەرکێکی نیشتمانی لە سەرت هەروەکوو لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش هاتوە بە کوردیەکەی دەڵێ (هەرکەسێک ووشەیەکی هەق دەزانێت و نایکات وەکوو شەیتانێکی کەرو لاڵ وایە) ئێمەی کوردیش دەبێ بە هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین کە کەموو کوڕیەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری بە کەموو کوڕی سەرکردەکانی پارتە سیسیەکان و لێپرسراوانی دەوڵەتیشەوە، دەبێ هەڵەکانیان بخەینە پێش چاوی خەڵک بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارەکان هەستی پێ بکەن تاکوو چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوەو چاکسازی لە سەر بکەن، بەمەرجێک ڕەخنەکانمان لەجێی خۆی بێت و هەستی کەسی پێ بریندار نەبێت و شکانەوەی کەسی یان خانەوادەیی تیا نەبێت، واتە سزای کۆمەڵێک کەس نەدرێت بە هۆی تەنها کەسێک کە کارێکی کرد بە بۆچونی هەندێ کەس ئەو کارە خراپ بووە، هەرکەس شەخسی خۆی بەر پرسیار دەبێت لە بیرو بۆچونەکانی خۆی لەوانەیە هەڵەشی نەکردبێت بە بۆچونی ئەو کارێکی زۆر باشی کردبێت و خەڵکانێکی تریش هەبن دەست خۆشی لی بکەن، زیاتریش ئەگەر بکرێت ڕەخنەی گشتی بن هەتاکوو تێکرای خەڵک بە هی خۆی بزانێت، بۆئەوەی نەبێت بە هۆی مشت و مڕ لە نێوان نوسەر و تاکە کەسێک، دەبێ ببێتە جێی سەرنجی هەموو لایەک، مەبەستیشمان تەنها پێشکەوتنی کۆمەڵگایەکەمان بێت، من وکوو شەخسی خۆم کە بابەتێک دەنوسم زۆر بە نوسین و فیکرەی بابەتەکەوە ماندوو نابم، بەڵام پاش ئەوەی کە تەوا بووم لە برگە بنەڕەتیەکانی بابەتەکە یەکسەر لە ئەرشیفی خۆمدا خەزنی دەکەم ئینجا دێم هەنگاو بەهەنگاو دەست دەکەم بە لێکۆڵینەوە لە سەری یەکەم جار هەوڵ دەدەم بزانم دەربارەی زمانەوانی ئینشائیەوە چ هەڵەیەک هەیە ڕاستی بکەمەوە دوایی بزانم پەیوەندی لە نێوان ڕستەکان چۆنە جاری وا هەیە تۆ شتێک باس دەکەیت دوایی دەڕۆیت بە لایەکی تر کە پەیوەندی بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕستەی پێشەوە نامێنێت، وە ئاسانترین ووشە بەکار بێنم بۆ ئەوەی خوێنەران بێ ئەوەی بیر لە مانای ووشەکان بکەنەوەو پەنا بەرن بۆ بەکار هێنانی قامووسی لاتینی کوردی یان قامووسی سیاسی، کە زۆر لە نوسەرە بەڕێزەکان ووشەی وا بە کار دەهێنن بە تایبەتی ئەوانەی کە خۆیان بە چەپڕەوو جیلی تازە دەزانن، هەروەکوو ئەوانەی زەمانی خۆی کاتی بڵاو بونەوەی بیرو باوەڕی کۆمۆنێستی و سۆشیالیستی لە پاش شەری جیهانی ڕۆشنبیرەکان ووشەی سیاسیان بەکار دەهێنا کە زۆر جار کارێکی زەحمەت بوو بۆ کەسێکی ئاسایی لە مەبەستەکانیان بگەیشتبانایە لە بەر قورسی تێگەیشتنی هەندێک ووشە، جاری وا هەیە لە ناو قامووسیش نادۆزرێتەوە، هەندی کەس هەیە لە هەندەران دەژیت هەر ووشەیەکی لە ڕاپۆرتە سیاسیەکانی ڕۆژنامەکانی ئەوێ بەرچاویان دەکەوێت بە لایەوە زۆرجوان و پڕ بە دەم دەردەچێت، لە نوسینەکان بە کاری دەهینێت، بە جۆریک وا هەست دەکات ئەگەر شتی وا بەکار بێنێت خەڵک دەڵێن ئەوە نوسەرێکی باشەو سەریشی لە سیاسەت دەردەچێت، ئەو ووشانە بەکار دەهێنیت، بەڵی ڕاستە شتێکی حاشا هەڵنەگرە هەرکەسێک زۆر نەخوێنێتەوە سەری لەو ووشانە دەرناچێت، بەڵام دەبێ ئێمە بیر لەوە بکەینەوە هەر چەندە کە دونیا پێشکەوتوە بەڵام گەنجەکانمان زۆر ئیهتمام بە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی نادەن وە زانیاری گشتیان زۆر لاوازە، هەتا لە دەرەوەش گەنج سەری لە سیاسەت و شتە گشتیەکان زۆر بڕ ناکات، بەڵام وەرە کۆمپیوتەرێک یان تەلەفۆنێکی مۆبایلی بۆ بێنە شتی وای تیا دەکات کە خەڵکە بە تەمەنەکان سەریان لێی دەرناچێت، بە چاوچوقانێک بەهۆی بەکار هێنانی بەرنامەی تایبەتی و پێشکەوتو شتی زۆر سەیرو سەمەرەو بە کەڵک بەرهەم دێنن کە بۆتە هۆی ڕاپەڕاندنی کارەکانی ڕۆژانە بە ماوەیەکی زۆر کەم، ئەو نوسەرانەی وا بەم شێوە دەنوسن بە بۆچونی خۆیان بەگەرمی پێشوازی لە بەرهەمەکانیان دەکرێت و خەڵک بە پەرۆشەوە دەیخوێنێتە، نازانیت خەڵک تاقەتی ئەو جۆرە تەکنیکانەی نەماوە، ئیمڕۆ نوسەری باش ئەوەیە بە ڕوونی نیشانەکانی خۆی بپێکێت تەم و مژاوی بە نوسینەکە یەوە دیار نەبێت، کە خوێنەر دەستی کرد بە خویندنەوەی ڕستەی یەکەم هەستی بجولێت و بەشەوقەوە بچیتە سەر ڕستەی دواتر، دەبێ لەگەڵ هەست و نەستی خەڵک و داواکانیان بگونجێت، وەکوو (گۆرانی بێژ و میوزیک ژەن) لەیەک ریتم بڕۆن بۆ ئەوەی گوێگر هەست نەکات ئەوانە بە دوو ریتمی جیاوازو نەشاز کار دەکەن، لەبەر ئەوەی دەبێتە جێی گلەیی خەڵک و سەر کەوتوو نابن، باشان لە ناخی خۆمدا لیژنەیەک پێک دەهێنم بۆ ئەوەی بابەتەکە هەڵسەنگێنم جاری وا هەیە بەرزو نزمی تیا دەبینم شتی وام نوسیوە بە ئەرکی خۆمی نازانم من دەست لە کاری وا بدەم، وەیان هەست دەکەم کە زێدەڕۆیم کردووە لە هێڵە سورەکانم داوە، دەبی یەکسەر بکشێمەوە دواوە، یان جاری وا هەیە هەست دەکەم دیاردەی تۆڵەو قینی تاکە کەسی پێوە دیارە دەڵێم نەوەک ئەو کەسە بە شتێکی شەخسی لە قەلەم بدات لە قالبی بەرژەوەندی گشتی دەربچێت، ئەوانە هەمووی لە ڕەشنوسەکەمدا دەسڕمەوە، پاش هەموو ئەو هێنان و بردنە، جاری وا هەیە پتر لە 20 جاریش دەیخوێنمەوە لە کۆتایی دا کە دیتم کارەکەم پۆخت و بە پێز دەرچوە بەبۆچونی خۆم، ئەوە ڕەوانەی دەکەم بۆ بڵاو کردنەوە، یان جاری واش هەیە وایدەبینم ئەو بابەتە بە کەلک ئەوە نایەت بڵاو بکرێتەوەو ئەوەی من ویستومە دەری ببڕم ئەوە نەبوە، هەر هەمووی بە یەک دوگمەی (دێلێت) دەکەم و لە مێشکی خۆمی دەر دەکەم بۆ ئەوەی لە ئاکامەکانی ئەو نوسینەوە توشی گرفت و پەنجە شکاندنەوەی پەشیمانی نەبمەوە، قیرسیا دەکەم لەو هەموو ماندوبونەی کە کردومە، لەوانەیە بڵاو بونەوەی چەند بابەتێکی بێ کەڵک وا لە مرۆڤ بکات لە نوسین بکشێتەوەو واز بێنێت بۆ ماوەیەکی دوور یان بە یەکجاری، نوسین جیایە لە شتەکانی تر بۆ وێنە لە کڕین و فرۆشتن وەک لە بازارەکان یان لە سەر لیستی کڕینی هەر کاڵایەک نوسراوە (هەڵەو سەهوو کردن دەگەڕیتەوە بۆ هەردوو لا) واتە عارەب

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ووتەنی (الغلط والسهو مرجوع الی الطرفین) بەڵام لە نوسین و ئاخافتندا تەنها یەک لا لێی بەر پرسیارە ئەویش نوسەرەکە یە، یان ئەوکەسەی کە شتێکی ڕاگەیاندوە لە سەر مایکی ڕادیۆکان یان ژورەکانی پاڵتاک وە یان لە پێش کامیرای تەلەفزیۆنەکان، جا خوانەکات گەر شتێکی وا ڕویدا مرۆڤی پێشکەوتوو خواز و دیموکرات کە باوەڕی بە دەربڕینی ئازاد هەیەو مەجالی بیر کردنەوەی باشە وهەست بە لێپرسینەوە دەکات، دەبێ بە زوترین کات پێش ئەوەی وەڵامت بدریتەوە یان پاش ئەوەی کە کارەکەت بوو بە هۆی نارەحەت بوونی خەڵک وە تۆش هەستت کرد کە بەڕاستی هەڵەت کردوە، دەبێ بە زوترین کات وە ئەگەر بکریت لە هەمان دەزگای کە بابەتەکەی لێ بڵاو بۆتەوە داوای لێبوردن بکەیت هەر وەک دەیبینین لە دەوڵەتەکانی پێشکەوتوو ڕۆژانە کەسانی پایە بەرز داوای لێ بوردن لە خەڵک دەکەن بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ ئیحراج بون و شکانەوەیەک بکەن بە پێچەوانەوە پێی بەرز دەبنەوە، بەڵام ئایە لە کوردستانەکەی ئێمە کەس شتی وا دەکات؟ ئەو هەموو دزی و گەندەڵی و ئیهانە کردنی هاووڵاتیان و کەرامەت شکاندنەی کە ڕویدا بە تایبەتی لە کاتی شەڕەکانی ناوخۆ و ئەو هەموو سوکایەتیەی کە بە خەڵک کراو تاڵان کردن و ئەتک کردنی خەڵک پاش کوژرانی و فێر کردن و دەست لە پشتدانی قەڵەمە هەرزانفرۆشەکان و هاندانیان بۆ سوکایەتی کردن بە خەڵک ودەکردنی جنێو نامە، هەر وەک چۆن دەڵێن لە ئەوروپا جنیو بە خەڵک بدەو لە کوردستان نرخەکەی وەر بگرەوە، ئایە هەتا ئێستا یەکیکیان هاتوون داوای لێبوردن لەو خەڵکە بکەن؟ بە تایبەتی پارتی و یەکێتی کە زۆربەی زۆری نەهامەتیەکان کە بەسەر گەلی کورددا هاتووە ئەوان دەوری باشیان تیا بینیوە!!! هەتا وای لێهاتوە ئەوان گلەیی لە خەڵک دەکەن کە سەر ئێشە بۆ حکومەت دروست دەکەن، کورد ووتەنی (هەتا خاوەنماڵ ویستی دز بگرێت دزەکە خاوەنماڵی گرت) ، بە هەر حال با زۆر دور نەکەوینەوە لە بابەتەکەی خۆمان، بە داخەوە زۆر کەسیش گوێ نادات بەو پەندە بەکەڵکانەی پێشینانمان کە ڕێگەمان نیشاندەدەن چۆن باسی خەڵک بکەین بەتایبەتی ئەگەر باسکردنەکە نێگەتیڤانە بوو واتە گلەیی کردن لە لایەنیک یان لە ڕەفتاری کەسێک بوو، لە سەر شتێکی دیاری کراو بۆیە دەبێ (سوژن بکەیت بە خۆتا ئینجا دەرزی بکەیت بە خەڵکا) بۆ ئەوەی کاتێ کە کارەکانت دەکەوێتە ژێر پرسیارو لێکۆڵینەوە بزانن کە تۆ کەسێکی ڕەخنە لە خۆشت دەگریت ئەگەر هەڵەیەکت کرد، وە بەم شێوەیە دەتوانی هەستی بەرامبەر بۆلای خۆت ڕابکێشی، کەس نیە بجولێت و هەڵە نەکات بۆیە ئەوکەسانەی زۆر ئەکتیڤن زۆریش هەڵە دەکەن، بەڵام ئەگەر هەر ڕاووبۆچونەکانی خۆت بەڕاست زانی ئەوە موژدەت دەدەمێ کە سەرکەوتن نابینیت لە ژیانتا لەم بوارەدا، هەرچی خێراترە یان دەبێ ڕەفتاری خۆت بگۆڕیت یان واز لەکارەکەت بێنەو زیاتر سەری خەڵک مەیەشێنە بەو بابەتەنەی کە خەڵک ناتوانێت هەزمی بکات، بڕۆ بۆخۆت کاتەکانت بە شتێکی تر بکوژە باشترە لەوانەیە لە بوارێکی تر بتوانیت سەرکەوتنی باشتر بە دەست بێنی خزمەتی خۆت و گەلەکەتی پێ بکەیت، هیچ شورەیی وعەیبی تیا نیە (نان بۆ نانەواو گۆشتیش بۆ قەساب) کەس لە سگی دایکی خۆی فێری شت نەبووە دەبی چەند جارێک ئادەمیزاد خۆی بجەڕبێنێت بزانێت لە چ بوارێک ئەتوانێت پەرە بە خۆی بدات شتێک هەر دەدۆزیتەوە پڕ بە پێستی خۆی بێت و سەری لێی دەربچێت، ئەوکاتە هەست دەکات کە زەمیری خۆشی حەساندۆتەوە بەبێ دڵەڕاوکێ سەر دەخاتە سەر بالیفەکە ی و لە ماوەیەکی زۆر کەم دەکەویتە نێو دەریای خەوێکی خۆش و خەونی بە تام و بە پێزیش دەبینیت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.